((address_line_1))
((address_line_2))
((address_line_3))
((address_line_4))
((address_line_5))
((address_line_6))
((address_line_7))

**ڕێکەوت:** ((date))
**ژمارەی ئێن ئێچ ئێس:** ((patientNumber))
بەڕێز ((firstName)) ((lastName))

ئێمە ئەم نامەیەمان ناردووە بۆ بانگهێشتکردنی تۆ بۆ **پشکنینی ملی منداڵدان لەلایەن ئێن ئێچ ئێس NHS** ـەوە(سێرڤیکەڵ سکرینینگ) (پێشتر پێی دەوترا 'سمیەر تێست') ئێمە پشکنین بۆ هەموو ژنان و ئەو کەسانەی کە منداڵدانیان هەیە لە تەمەنی 25 بۆ 64 ساڵیدا پێشکەش دەکەین بۆ ڕێگریکردن لە شێرپەنجەی منداڵدان و بۆئەوەی ژیانی خەڵک لە مردن ڕزگار ببێت.

بۆ دەستکەوتنی ئەم نامەیە بە شێوازێکی جێگرەوە، ئیمەیڵێک بنێرە بۆ england.contactus@nhs.net یان تەلەفون بکە بۆ 22 33 311 0300. ئەم وردەکاریانە بەکارمەهێنە بۆ دیاریکردنی وادەیەک یان پرسیارکردن لە ئەنجامەکانت، چونکە ئەو کارمەندانەی وەڵامی تەلەفون یان ئیمەیڵەکەت دەدەنەوە ناتوانن یارمەتیت بدەن.

## چۆن وادەکەت دادەنێیت

پەیوەندی بە نۆڕینگەی پزیشکی گشتی (جی پی) خۆتەوە بکە بۆ دانانی وادەیەکی پشکنینی ملی منداڵدان

هەندێک کلینیکی تەندروستی سێکسیش هەروەها پشکنینی ملی منداڵدان پێشکەش دەکەن. بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بە کلینیکی تەندروستی سێکسی ناوچەکەی خۆتەوە بکە. **https://www.nhs.uk/sexual-health-clinic-finder/**

## من بۆچی دەبێت وادەیەک دابنێم؟

پشکنینی ملی منداڵدان بۆ هەندێک جۆری ڤایرۆسی پاپیلۆمای مرۆیی (HPV) ئەنجام دەدرێت. ئەم جۆرە 'زۆر مەترسیدارانەی' HPV لە ٪99 شێرپەنجەی ملی منداڵدان دەبینرێنەوە. ئەگەر یەکێک لەم جۆرانەی HPV لە نمونەی پشکنینەکەتدا بدۆزینەوە، ئەوا گۆڕانکاری نائاسایی خانەکان دەدۆزرێتەوە. بە زوو دۆزینەوە و چارەسەرکردنی ئەم گۆڕانکاریانە دەتوانین ڕێگری لە زۆربەی حاڵەتەکانی شێرپەنجەی ملی منداڵدان بکەین.

بۆی هەیە لە یەکەم جار کە پەیوەندی سێکسی دەکەیت تووشی HPV ببیت و پێویست ناکات سێکس بە چوونە ناوەوەی ئەندامی زاووزێ بێت بۆئەوەی تووش ببیت. تەنانەت ئەگەر بۆ ماوەیەکی درێژ هەمان هاوسەری سێکسیت هەبووبێت یان ساڵانێکی زۆریش بێت چالاکی سێکسیت ئەنجام نەدابێت هەر بۆی هەیە تووش ببیت. هێشتا بۆی هەیە تووشی HPV ببیت بێ گوێدانە ئاراستەی سێکسیت یان ئەگەر ڤاکسینی HPV یشت وەرگرتبێت.

**تکایە بڕوانە پشتەوە بۆ زانیاری زیاتر**

## پشتگیری ئەگەر نیگەران بیت سەبارەت بە پشکنینی ملی منداڵدان

وادەکانی پشکنینی ملی منداڵدان تەنها 5 بۆ 10 خولەک دەخایەنن، بەڵام دەتوانیت داوای وادەیەکی درێژتر بکەیت ئەگەر حەزت بە کاتی زیاترە. هەروەها دەتوانیت داوای پەرستار یان پزیشکێکی ئافرەت بکەیت و کەسێکی تر لەگەڵ خۆت بهێنیت بۆ ژوورەکە بۆ ئەوەی پشتگیریت بکات. لە کاتی وادەکەتدا دەتوانیت داوای ڕاکشان بە بارێکی جیاوازدا و ئامێرێکی ناوبینی بچووکتر بکەیت بۆ ئەوەی پشکنینەکە ئاسانتر بێت بۆت.

بڵاڤۆکی پاشکۆ زانیاری زیاتری لەخۆ گرتووە دەربارەی ئەوەی کە لەکاتی وادەیەکدا چی ڕوو دەدات، ڤایرۆسی پاپیلۆمای مرۆیی HPV و شێرپەنجەی ملی منداڵدان (ڕەحم). دەتوانیت وەشانی خوێندنەوەی ئاسان و زمانی دیکە ببینیتەوە لەسەر https://www.gov.uk/cervical-screening-guide

ئەگەر هەستکردن بە ترس و نیگەرانی دەکەیت یان پێویستیت بە یارمەتیدانە بۆ ئامادەبوون لە پشکنینی ملی منداڵداندا، ڕێنمایی و پشتگیری بەردەستە لە https://www.gov.uk/cervical-screening-support

**زانیاری زیاتر**

ئەو پەرستار یان پزیشکەی کە پشکنینەکەت ئەنجام دەدات پێت دەڵێت چۆن و کەی چاوەڕوانی ئەنجامەکەت دەکەیت و هەروەها ئەنجامەکەتیان پێ دەوترێت. ئەگەر ناونیشان یان وردەکارییەکانی پەیوەندیکردنت گۆڕانکارییان بەسەردا هات بە نۆرینگەی پزیشکی گشتی (جی پی) خۆت بڵێ.

بەبێ گوێدانە مێژووی پشکنینی ملی منداڵدانتان (cervical screening)، بە زووترین کات قسە لەگەڵ پزیشکی گشتی (GP) بکەن ئەگەر نیشانەی نوێ یان نائاسایی بۆتان هەیە:

- خوێنبەربوونی زێ (vaginal bleeding) – خوێنبەربوون لە کاتی یان دوای سێکس، لە نێوان سووڕی مانگانەتاندا یان دوای وەستانی سووڕی مانگانە (menopause).
- ئازار لە کاتی سێکسدا.
- جەراحەتی زێ (vaginal discharge) کە بۆن ناخۆش و زیاتر لە ئاسایی بێت.

بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە پشکنینی ملی منداڵدان و ڤایرۆسی پاپیلۆمای مرۆیی HPV لەنێوانیاندا ئەوەی کە لەکاتی وادەکەتدا چی ڕوو دەدات و چۆن وادە دادەنێیت سەردانی **https://www.nhs.uk/cervical** or بکە یان کۆدی وەڵامدانەوەی خێرا QR سکان بکە. ئەگەر نیگەرانی یان پرسیاری زیاترت هەبوو، لەگەڵ پزیشکی گشتی (جی پی) قسە بکە.

لەگەڵ ڕێزدا،

بەرنامەی پشکنینی ملی منداڵدان لەلایەن ئێن ئێچ ئێس NHS ـەوە لەبری پزیشکی گشتی (جی پی) خۆت